# شەپۆلێکی تری نارەزایەتی جەماوەری شارەکانی کوردستان ئەتوانی هاوکیشەی نیوان خەلك ودەسەلاتدارانی یەکیتی وپارتی بەتەواوی بگۆرێ.

خەسرەو سایە
k.saya@ukonline.co.uk



واساڵ تەواودەبێت کەچی تازەپەرلمانی کوردستان لەموناقەشەی بۆدجەی سالانەی هەرێمدایە. لەولاشەوە خەڵکی شارەکانی کوردستان رۆژانەو سات لەدوای سات ئاکامە زیانبارەکانی گەندەلی و نەبوونی خزمەتگوزاری وگرانی بازار تەحەمول دەکەن. دەسەلاتداران بڕیاریان داوە تەنها چاویان لەگیرفانی خۆیان و کەڵەکەی سەرمایەو داهاتی خۆیان بن و ئاوڕ لەسفرەی خالی و بیزەوقی زۆربەی هەرەزۆری خەلکی کوردستان نەدەنەوە. ئەوان نایانەوێت و بڕیاریان نییە کەوەلامێك بەکێشەی خانوبەرە، سوتەمەنی و نەبوونی ئاو وکارەبا وزەمانەتە کۆمەلایەتییەکان وگرانییەك کەڕووی لەژیانی خەڵك کردەوە بدەنەوە.

بەپێچەوانەوە درۆکردن لەگەلْ خەڵك و خۆدزینەوە، هەمیشە ڕێگایان بووە، کاتێکیش خەڵك دەنگی ناڕەزایەتی هەڵبڕیبێ و داوا ڕەواکانی خۆیان بۆژیانکردنی هاوچەرخانە، کەشایستەی هەرئینسانێکی سەردەمە، خستبێتە بەردەم دەسەلاتدران، یان بەگرتن و زیندان و تەقەکردن وەلام دراونەتەوە، یان بەدرۆی وەك ئەوەی کەوتویانە "دەستێك لەپشتیانەوەیە" هەرەشەیان لەخەڵك کردووە.

بەلام خەڵکی کوردستان بەپێست و ئێسقانی خۆیان تاقیکردنەوەی چەندسالی دەسەلاتدارێتی یەکیتی وپارتی و گشت ناسیونالیزمی کوردیان تەجروبەکردووە و بەو ڕاستیە گەیشتوون، کەدەسەلات و پەرلمان و حکومەتی ئەم حیزبانە هیچ پەیوەندیکان بەخواست و ئارەزووەکانی خەڵکی کرێکار وزەحمەتکێش و ژنان و لاوانەوە نییە، ئەمانە دەسەلاتدرانی سەرمایەداران و بازرگانان ودەولەمەندانن وتەنها ئەرکێك دەبەنە ڕێوە کە وەلام بە زیادبوونی سەروەت و سامانی خۆیان وئەم چینە بداتەوە. ئەمە ئەو هەقیقەتەیە کە بنەما وزەمینە کۆمەلایەتیەکانی ناڕەزایەتی جەماوەری خەڵکی لەسەر ڕاوەستاوە، کەهەرماوەیە بەلێشاو سەردەردێنیٚ وشەقی خۆی لەدەسەلاتێك دەدات کەبەدەست یەکیتی وپارتییەوەیە. بەتاییبەتی کە خەڵکی کوردستان بەرۆشنی ئەم جیاوازیە لەدابەشبوونی سامانی کۆمەلایەتیدا لەنێوان خۆیان ودەستەو تاقمی دەسەلاتدار دەبیننەوە کەبەهیچ کێشانەیەك لاسەنگییەکەی ناتوانیٚ لەنگەربگرێ.

کەوایە خەلکی کوردستان هەقیانە نارازی بن و شەپۆلی نارەرەزایەتیەکانیان بخرۆشیٚ. هەقیانە یەخەی دەسەلاتدران بگرن و بەزۆری خۆیان بەشی خۆیان لەراستای باشکردنی ژیانیان بسێنن.

ئاخر چ ڕێگایەك بۆ لاوانی کوردستان هەیە کاتێك ئاوڕ لەژیانی خۆیان بدەنەوە وبیانەوێت زەواج بکەن و خێزان پکێبهێنین! لەکاتێکدا چنگ کەوتنی دوهۆدە بەقیمەتی 300 دۆلاری مانگانە بۆتە ئارەزوویەك! ئاخر خوێندکارێك چ ڕێگایەکی لەبەردەمە وەختێك وەزعی داڕزیوی قوتابخانەو زانکۆکان هەناسەی لەبەر بڕیوە! کرێکارێك، دەست فرۆشێك، زەحمەتکێشێکی کەم دەرامەت چی بلێ و چیبکات بەرامبەر بەسەختی ریگاکانی تەئیمنکردنی ژیانی رۆژانەی خۆی و خێزانەکەی! ژنانێك چ ڕێگایەکیان لەبەرە بەوهەموو توندوتیژی و غەدرەی پیاوسالارییەوە کەرۆژانە یەخەیان

**پێدەگرێ، کەدەبێ بیماف لەماڵەوە تەمەنی خۆشی وکامەرانی بەدیار قاپ شۆرین و جلشتنەوە بەسەربەرێ! بەڕاستی هەرکەسێك کەبەقەد سەرەدەرزیەیە بەئاگابێت بە وەزعی ژیانی خۆیی و کۆمەڵگا دەبی پەنا بۆچ ڕێگایەك بەرێ، تا بتوانێ ئاڵوگۆرێك بەدیبهێنێ!**

**بەڵی! ریگایەکی تر نییە جگەلە هاتنە مەیدانی دەنگی نارەزایەتی و خستنە ڕووی داخوازیەکان و گرتنی یەخەی دەسەلاتداران، تا مل بدەن بەخواستی خەلك. ئەمە تەنها ڕێگای شارستانی و مەدەنی خەڵکی کوردستانە. هەربۆیە ئەم رۆژانە کەشو هەواوی خۆئامادەکردنی کۆروکۆمەل و ڕێکخراوەکان، کەسایەتی و ڕابەرانی نارەزایەتی خەڵك سات لەدوای سات بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێ. ئەم رۆژانە دەستەکانی داکۆکی لەمافەکانی خەڵك لەشارەکانی سلێمانی وهەولیر، کەلارو دەربەندیخان و کفری، تادەگات بە شاری هەلەبجە و رانیەو قەلادەزە...لەمشت و مڕو راویژدان، بۆ هینانەمەیدانی شەپۆلیکی تری نارەزایەتی سەراسەری جەماوەری. لەمبارەوە حیزبی ئیمە بەتەواوی تواناوە لەنیو ئەم کۆروکۆمەلایەنەدا چالاکانە ئامادەیە. هاوریانی ئێمە کەلەڕیزی پێشەوەی خەبات بۆ باشکردنی ژیانی خەڵك و بۆبەدەست هینانی داخوازیەکانیان ڕاوەستاون، تێدەکۆشن بۆ ڕێکخراوکردنی هوشیارانەی لاوان و ژنان وکرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان وکۆکردنەوەیان لەدەوری پلاتفۆرمێکی ڕۆشنی خواستەکانی جەماوەر. لیرەدا دوو ئەرکی سەرەکی لەپێشدایە:**

**یەکەم: گەلاڵەکردنەوەی خواستەکان. هیچ نارەزایەتیەك بەبێ خواست نابێت. خواستەکانیش دەبێ ڕۆشن و بەرجەستەبن. بەتایبەتی هەر نارەزایەتییەکی جەماوەری بۆئەوەی بەسەر کەوتن بگات دەبێ بەخواستی رۆشنی خۆیەوە بێتەمەیدان. لەلایەکی تریشەوە ڕۆشنی خواستەکانی خەڵك مەرجی ئیتحاد و یەکگرتووکردنی کۆمەلانی بەرینی خەڵکە. خەڵك دەبێ بزانن چیان دەوێت و بۆچی نارەزایەتی دەردەبڕن. هەربۆیە هاوریانی ئێمە دەبێ هاوشانی رابەران و هەڵسوراوان و کەسایەتییە جەماوەرییەکان هەرلەئێستاوە لەسەر ئەو خواستانە ڕێکبکەون وبیدەن بەگوێ ی جەماوەری خەڵکدا کە زۆرینەی خەلکی شارەکان هاوبەشن تێیدا. بۆنمونە خواست گەلێکی وەك زیادکردنی موچەو کرێی کریکاران وفەرمانبەران، دابینکردنی ئاو کارەبای خورایی بۆ هەموو شارەکانی کوردستان. دابینکردنی خانوبەرە و شوینی حەوانەوە بۆ هەر خیزانیك کە ناوی خۆی لەدەزگا کۆمەلایەتیەکان جیگیردەکات. کار یان بیمەی بێکاری و تەئمینی زەمانەتی تەندروستی وکۆمەلایەتی و.. ئەمانە ئەواتوانی بەشی زۆری خەلکی شارەکانی کوردستان یەکگرتو کۆبکاتەوە.**

**دووەمیشیان: دەبێ لەسەر شێوەی نارەزایەتییەکان هەرلەئێستاوە قسەبکرێ و ڕێگاکانی هێنانە مەیدانی سەراسەری جەماوەر، بەدەست رابەران و هەڵسووراوانی نارەزایەتییەکانەوە بێت. بێگومان نارەزایەتی لیرەو لەوێ و پەرشو بلاو ناتوانێ نەك خواستەکانی خەڵك بەدیبهێنێ، بگرە دەسەلاتدران دەتوانن بەخیرایی سەرکوتی بکەن و خەلکی بخزیننە نیو زیندانەوە وبەم هۆیەشەوە فەزای ترس بەسەر بەشەکانی تر خەلکدا داسەپێنن. بەلام هەروەك وتراوە هێز لە یەکگرتووبندایە. بۆیە دەبێ بزوتنەوەی جەماوەری یەکگرتوبکرێت، رابەران و هەڵسووراوانی شارەکان و گەرەکەکان دەبێ لەهەنگاوی یەکەمدا خۆیان لەدەوری یەك کۆبنەوە و ببنە ئەلقەکانی زینجیرێکی لێك هەڵپێکراوی نارەزایەتی جەماوەری. دەبێ رێکخراوکردنی خەلك بەدەوری خوستەکانەوە ڕێگای کارسازمان بێت بۆنارەزایەتی سەراسەری شارەکانی کوردستان.**

**هاورێیانی ئێمە لەم نێوەدا دەبێ بەدور لە هەر دەمارگیرییەکی رێکخراوەیی و حیزبی، تەنها قازانجی بزوتنەوەی**

سەراسەری خەلکی کوردستان قیبلە نمایان بێت و لەپێناو یەکگرتووکردن و هێنانە مەیدانی بەشەکانی خەڵکدا، ئامادەبن هەر بەرژەوەندییەکی تر بخەنە لاوە. خەڵك و ئیمە یەك ڕێگامان هەیە ئەویش گۆرینی ژیانی خۆمان و کۆمەڵگایە، لەریگای خەباتیکی هوشیارانە وهێنانە مەیدانی نارەزایەتی بەرهەقی جەماوەری و یەکگرتوانەمانەوە، تا گرەو لەدەسەلاتدرانی ئیستا ببەینەوە و ژیانی خۆمان لەدەست خۆمان بگرین..

بیشك شەپۆلی نارەزایەتی ئەمجارەی خەلك لەهاوکیشەیەکی سیاسی لەبار بۆ خەلکی شارەکانی کوردستاندا قەراری گرتووە. ناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانی لەیەك بن بەستی سیاسی و بیئاسۆیدا بەرامبەر بەبارودۆخەکانی عیراق گیریان کردووە، هەررۆژە دەست بۆپوشی ریکەوتنی نیوان بالە ئیسلامیەیەکان دەبەن. بەشداری ئەوان لەحکومەتی مالیکی و دەستور ودەسەلاتیك کەلەبەغداد ئومیدی فیدرالیزمیان پیوە گری دابوو، بەیەکجاری کەوتۆتەغەرەوە. ترس لە تورکیا وئیران و تیکچوونی باری ئەمنی کوردستان تەنگانەیەکە کەرۆژانە یەخەی بە دەسەلاتدرانگرتووە. لەناوخۆشدا چوونەسەری هوشیاری و بەرینبوونەوەی دەنگی نارەزایەتی خەلك کە رۆژانە بەهەزارویەك زمان لەدژی فەساد و گەندەلی دەری دەبڕێ و بۆبچوکترین بەهانە دەگەرێ.. نیشان ئەدات کە یەکیەتی وپارتی ئەمجارە نەتوانای سەرکوتی یەکجاری خەلکیان هەیەو نە دەتوانن بە"خائین وتیکدەر" پەلامارەکانی خۆیان بۆسەر خەلکی نارازی کوردستان تەبریربکەن.

شەپۆلی نارەزایەتی ئەمجارەی شارەکانی کوردستان، تەنها یەك هەرەشە نییە، بەلکو هەنگاویکی تری خەباتی خەلکی کوردستانە بۆ گیرانەوەی کۆمەلگای کوردستان بۆخاوەنانی ئەسڵی خۆی. خەباتیکە کەکۆتایی  هینان بە دەسەلاتی ئەحزابی میلیشیای چەکدار وگەندەلی وئاکامە زیانبارەکانی کردۆتە ئامانجی خۆیی وئاسۆی دامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆ و ئازاد و سکولار خۆشگوزەرانی بۆهەمووان  لەپیشدایە. شەپۆلیکی ئاواش لەنارەزایەتی دەتوانی هاوکیشەی نیوان جەماوەری خەلك ودەسەلاتدارانی یەکیتی وپارتی بەتەواوی بگۆرێ.   2007/7/15